# شاراوەترین تەنیایی لە مۆتیڤی تەنیاییدا


## (خوێندنەوەیەک بۆ چیرۆکی «تەنیا»)

هێمن عەبدوڵڵاپوور
(بۆکان)

چیرۆکی (تەنیا) لە نووسینی ناسر وەحیدی، یەکێک لەو دەگمەن چیرۆکانەیە کە بە شێوەیەکی تەواو شاراوە و دوور لە ڕواڵەتی ئاسایی دەق، تیشکی خستووەتە سەر کوشندەترین چەشنی تەنیاییەک کە تەنیا تاقمێکی بلیمەت لە کۆمەڵگەدا لەگەڵی بەرەوڕوون. تاقمێک کە بە پێچەوانەی مرۆڤی ئاسایی کۆمەڵگە زۆرجار دەنگی تەنیاییان نەک هەر لە لایەن چین و دەستە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەوە نابیسترێ، بەڵکوو تەنانەت لە لایەن نزیکترین کەسوکاری خۆشیانەوە دەکەونە دوورەدەستترین هەرێمێک کە بۆ تەنیایی شرۆڤە کراوە.

ئێمە لەو چیرۆکەدا پێش ئەوەی لەگەڵ هەر چەشنە واقیعی چیرۆک، تەنانەت هەوڵ و تەقەلالای تێکڕایی کەسایەتییەکانی بەرچاوی چیرۆکەکە بۆ دەرباز بوون لەو تەنیاییە کوشەندەیە بەرەوڕوو بین، لەگەڵ چنینی ژیرانەی پێکهێنانی چیرۆکێکدا لە لایەن نووسەرەوە بەرەو ڕووین کە هەر لە یەکەم وشەی ئەو چیرۆکەوە پیلانی بۆ خۆبەدەستەوەنەدانی گرینگترین بنچکی پازێلەکە دارشتووە و حەولی داوە بەردەنگ هان بدا کە لە ژێر کێوێک لە تەنیاییە جۆراوجۆرەکان، هەروەها بە بەکارهێنانی بە ئەنقەستی وێنەگەلێکی تەواو ئیرۆتیک، لە دوایین ڕستەکانی ئەو چیرۆکەدا زەفەر بە دیتنەوە و ناسینی چەشنێک لە تەنیایی بەرێ کە لە سەرانسەری چیرۆکەکەدا، تەنانەت بە

یـەک وشـەش ئامـاژەی پـێ نەکـراوە.
نووسـەر لـە یەکـەم وشـە تـا دوایین وشـەی ئـەو چیرۆکـە بـە کەڵـک وەرگرتـن لـە گۆشـەنیگای دووەم کەسـەوە، هـەوڵ دەدا بەردەنـگ لەگـەڵ تەنیایـی کەسایەتی، بگرە بوونەوەرەکانی نێو چیرۆکەکەی ئاشنا بکا. پێش ئـەوەی بچینـە نـاو چیرۆکەکەوە، باشـتر وایـە بـە کورتـی ئامـاژە بـەو تەنیاییـە جۆراوجۆرانـە بکەیـن. یەکـەم تەنیایی بە کەسایەتی سـەرەکی چیرۆکـەوە دەست پـێ دەکا کە نووسـەر ئاگایانـە هیـچ نێوێکـی بـۆ دیـاری نەکـردووە تـا خوێنـەر بەو قەناعەتـە بگەیەنێ کە منی بەردەنگ نـەک لەگـەڵ کەسـایەتییەکی دەگمـەن، هەڵکەوتـوو و دیاریکـراو، بەڵـکـوو لەگـەڵ نوێنـەری چیـن و دەسـتەیەک لـە مرۆڤـی کۆمەڵگەیەکـی نەخـۆش بـەرەوڕووم کە بەتـەواوی لـە نێو کلێشـە ڕەگەزییـە قێزەونەکانـی خۆیـدا ماوەتـەوە و لەگـەڵ ئـەوەی کـە کتێبێکیشـی بـەردەوام بەدەستەوەیە، بـەڵام لـە نێـو چیرۆکەکـەدا هـەر ڕۆڵـی مرۆڤێکـی چاوچنـۆک، سەرسـەری و بـێ سـنوور دەگێـڕێ.
ئـەو کتێبـەی وا تەنیـا ڕۆڵـی لێـرەدا سـازکردنی حەشـارگەیەکی کاغەزینـە بـۆ ئـەو کاتانـەی وا چاوحیزانە دەڕوانێتە ژنەکەی نێو مینیبوسـەکەوە. ئـەو دیمەنـەش کـە چەنـدان جـار دووپـات دەبێتـەوە، منـی خوێنـەر دەباتـەوە دنیـای ڕۆمانـی «شـەڕی دواجـار»ی ماریـو بـارگاس یۆسـا کـە لـە دێڕێکیـدا بەرپرسـی ئەشـکەنجە بـە دەربەندەکـە دەڵـێ: «ڕووناکبیـرەکان هەموویـان سەرسـەری و ترسـنۆکن و تەنیـا بوونەوەرێکـن لـەو دنیایـەدا کـە دەتوانـن پیسـترین کارەکان بـە جوانتریـن پاسـاوەکان داپۆشـن!» ئـازار و کوشندەیی تەنیایی کەسایەتی سـەرەکیی چیرۆکەکـە ئـاوا وێنـا دەکـرێ: «خـۆت بەسـەر تەختی ژوورەکەتدا دەدەی، دەمـەوڕوو درێـژ دەبی. گریانێکـی ویشـک ئەوکت دەگـرێ، خەریکـە



**ناسر وەحیدی**

دەتخنکێنـێ، ئـازار و ژانێکـی قـورس چڕاوەتـە دڵـت، هەمـوو خوێنـی لەشـت ڕەش هەڵدەگێـڕێ. خوێنێکـی ڕەش و خەسـت چەشـنی هەنگوینـی کەنـدووی (شـانەی) مێشـێکی پیـر، لـە دڵتـەوە شـۆڵاوگە دەبەسـتێتەوە نێـو دەروونـت...»
تەنیایی لـەو چیرۆکـەدا، تەنیـا تایبـەت بە مرۆڤ نییـە و ئاژەڵیـش دەگرێتـەوە، تەنانـەت نووسـەر بۆ زەقکردنـەوەی زیاتـری ئـەو تەنیاییـە وەڕەزکـەرە لـە قەفەسـی بەتاڵـی قەناریەکانیـش کەڵـک وەردەگـرێ و ئـاوا دەڕوانێتـە ماسییەسـوورەکە:
«... لەسـەر حەوزی حەوشـەکە سـەروچاوت دەشۆی، خـۆت فێنـک دەکەیـەوە. ماسییەسـوورە بەتەنـێ لـە نێـو حەوزەکـە دێـت و دەچـێ، جارجار سـەری لـە ئاوەکـەوە دەردێنـێ، پەیتاپەیتـا دەمـی دەجووڵێتـەوە، وەک ئـەوەی شـتێک بـە ئاسپایی بـە گوێتدا بچرپێنـێ...»
وێناکردنـی شـێوە جۆراوجۆرەکانـی تەنیایـی لێـرەدا کۆتایـی نایـە و لـە درێـژەی چیرۆکەکـەدا نووسـەر لەسـەر تەنیایی کەسـێک دەدوێ کە ڕەنگە لە نیگای

یەکەمدا گەورەترین قوربانی ئەو تێمە قورسەیە وا سێبەری بەسەر وشە بە وشەی چیرۆکەکەدا کردووە، واتە ژنە و کوڕە چوار پێنج ساڵانەکەی نێو مینیبۆسەکە:

«چاوی هەر لە تۆ بوو، پێکەنی و وتی: پیاو چۆن دەبێ ئاوا بکا، ژن و منداڵی بەجێبێڵێ؟ خۆی لەوێ بۆی دانیشتووە، ئاسوودە و بێخەیاڵ، نە سەرما لێی دەدا نە گەرما. ئاگای لە حاڵی ئێمە نییە، ئەوە ساڵێکی ڕەبەقە گیراوە...»

نووسەر لە ڕوانگەی کەسایەتی سەرەکی چیرۆکەکەوە هەوڵ دەدا ناڕاستەوخۆ و هاوکات ئاگایانە بە بەکارهێنانی ئەدەبیاتێکی تەواو ئیرۆتیک تەنیایی ئەو ژنە و کوڕە چوار پێنج ساڵانەکەی لە چاوی خوێنەر بشارێتەوە، هەروەها لە زۆر جێگەشدا توانیویەتی وەها خوێنەر بخەڵەتێنێ کە زۆر سەرسەریانە بۆی ببێتە ئارەزوو، کە بریا لە جێی کەسایەتی سەرەکی ئەو چیرۆکە بایە و بیتوانیبا ئەویش چێژی خۆی لەو دەرفەتە هەڵکەوتووە ببا!

تا ئێرە ئێمە بە پێی ڕواڵەتی ئاسایی چیرۆکەکە، توانیومانە بە چەمکی بەرچاو و ڕووتی تەنیایی کەسایەتی سەرەکی چیرۆک، ماسییەسوورەکەی نێو حەوزەکە و ژن و منداڵەکەی نێو مینیبۆسەکە بزانین. تەنیاییگەلێک کە نووسەر بێ هیچ گرێ و پێچ و پەنایەک و بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئاماژەی پێ کردوون، تەنانەت تەواو و لە زۆر جێگەدا بە وردی شرۆڤەشی کردوون، بەڵام نووسەر بە پێچەوانەی خوێنەری ئاسایی، تەنیا بە ئاشکراکردنی ئەو تەنیاییگەلە قەناعەت ناکا و هەر ڕاست لە دوایین ڕستەکانی چیرۆکەکە دایە کە خوێنەر تووشی سەرسووڕمان، بگرە داڕزانێکی سەیروسەمەرە دەکا. پاش سەفەرێکی دوورودرێژ لەگەڵ کەسایەتییەکانی چیرۆکەکە، لە بەستێنێکی تەواو ئیرۆتیکدا، گێڕانەوەکە دەگاتە ئەو جێیەی کە ئاشکرا دەبێ، ڕێبوار، واتە مێردی ژنی نێو مینیبۆسەکە، زیندانی سیاسییە و بە هۆی نەبوونی بەندیخانەی تایبەت بە زیندانیانی سیاسی لە بۆکان، بۆ شارێکی دیکە بەڕێ کراوە. لێرەدایە کە ئەو چیرۆکە لە خوێنەر دەبێتە کوتکی کاوەی ئاسنگەر و تەواو لێکدانەوەکانی پێشووی خوێنەر دەڕووخێنێ. لێرەدایە کە ئەوپەڕی لێزانی نووسەر لە بەکارهێنانی دروست و بەجێی هەڵپەساردن، واتە تەعلیقێکی شارەزایانە خۆی نیشان دەدا. لێرەدایە کە تەنیایی ڕاستەقینە و قورسی ڕێبوار کە بۆخۆی قوربانی ئامانجە پیرۆزەکانی ئەو کۆمەڵگەیە بووە، بەبێ کوتنی تەنانەت یەک وشە و بەبێ ئەوەی کە لەسەراسەری چیرۆکەکەدا بە هیچ جۆرە هێمایەک ئاماژەی پێ بکرێ، هاوکات بە بەهێزترین شێوە وێنا دەکرێ. تەنیایەک کە بۆ وێناکردنی پێویست بە هیچ گلەیی و گازندەیەک نییە و وەها بەسەر کەسایەتی سەرەکی چیرۆکەکەدا دەڕووخێ  و دادەڕمێ، کە لە تاوان بەرەو کووچە و کۆڵانەکان سەر دەنێتەوە و هاوکات خوێنەریش لە شەرمی هاوڕێییکردن لەگەڵ چاوچنۆکی و چاوحیزی کەسایەتی سەرەکی چیرۆکەکە دەگەیەنێتە ئەو جێیەی کە مات و حەپەساو دموچاوی بە کتێبەکەی دەستییەوە داپۆشێ و ڕەنگە چین چین عارەقی شەرمیش دەربدا!

چیرۆکی (تەنیا) بەڕواڵەت چیرۆکی خول خواردنەوەی بەردەوامی تەنیاییە ئاساییەکانی مرۆڤی سەردەمە، بەڵام لە ناخی ئەو تەنیاییانەدا و لە نێو ئەو هەموو خول خواردنەوەیەشدا بە شوێن نواندنەوەی ناڕاستەوخۆی جۆرێک تەنیاییە کە کەم کەس ئاوڕی لێدەداتەوە و دەیبینێ. ڕۆڵێک کە لێرەدا چیرۆکێکی سەرکەوتووی وەک «تەنیا» نواندنی هونەرمەندانەی لە ئەستۆ دەگرێ و بیرەوەرییەکی هەرمان و سەرسوڕهێنەر بە هۆی خوێندنەوەی ئەو چیرۆکە لە مێشکی خوێنەردا بەجێدەهێڵێ.